

## پێویستە هەندێک لە کێشی خۆی کەم بکاتەوە..

# خێرایی دۆن لە کاژێرێکدا لە 33.4 KM بووەتە 30 KM

**رووداوی وەرزشی - CNBC**

بەرنامەی شـیرینگیتۆی تەلەڤزیۆنـی، راپۆرتێکی لەسـەر هۆکارەکانـی دابەزینی ئاسـتی کریسـتیانۆ رۆناڵدۆی ئەسـتێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدرید ئامادەکردووەو تێیدا باس لەوە دەکات کە پێویسـتە دۆن هەندێک لە کێشـی خۆی دابەزێنێت و دەشڵێت «تاوەکو ئێستا گۆڵەکانی رۆناڵدۆ تەنیا 2 خاڵیان بۆ ریال مەدرید بەدەستهێناوە».

ئـەو بەرنامەیە پشـتی بـە راپۆرتێکی پزیشـکی بەسـتووە، کە لەسـەر رۆناڵدۆ ئەنجامـدراوەو تێیدا دەردەکەوێت کە خێرایی راکردنی رۆناڵدۆ، کە هەمیشە هۆکارێکی سەرەکی ئاستبەرزی ئەو بووە، لەم ساڵدا زۆر دابەزیوەو لە 33.4 کیلۆمەتر لە کاژێرێکدا دابەزیوە بـۆ 30 کیلۆمەتـر لـە کاژێرێکدا. ئـەو بەرنامەیە بە گرتەیەکی ڤیدیۆیی بەڵگە بۆ ئەم قسانەی دێنێتەوە، کە تێیدا دەردەکەوێت رۆناڵدۆ لە راکردنێکدا ماوەی 80 مەتر بە 10 چرکە دەبڕێت. هۆکاری ئەوەش بۆ کێشی رۆناڵـدۆ دەگەڕێتەوە، کە پزیشـکان دەڵێن «بەهۆی گەورەبوونی تەمەنی رۆناڵدۆ، کە نزیکە لە 31 ساڵی، پێویسـتە هەندێک لە کێشـی خۆی کەم بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بەهەمان ئاستی جاران یاری بکات».

هەر هەمان بەرنامە باس لەوە دەکات کە سەرەڕای ئەوەی رێژەی گۆڵکردنی رۆناڵدۆ لەم وەرزەشدا بەرزە، بەڵام هیچ سوودێکی ئەوتۆیـان بۆ ریـال مەدرید نەبووەو بەپێـی ئامارێـک «گۆڵەکانـی رۆناڵـدۆ تەنیا 2 خاڵیان بۆ ریال مەدرید دەستەبەر کردووە».


WWW.RUDAW.NET

# رووداو وەرزشی

ژمارە (386) سێشەممە 2016/2/2 13ی [illegible] (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات




## زێدان رێژەی کۆنترۆلی تۆپی بە 10% بەرزکردووەتەوە بە بەراورد لەگەڵ بینیتێز..

# تیکی تاکای زیزۆ

"زێدان تیپەکەی لەو شێوازی بەرگرییە بێزارکەرە رزگارکرد کە بینیتێز بەسەریدا سەپاند بوو"

کوڕە کوردەکە هەرگیز ناتوانێت بێتە یاریزانی بارسێلۆنا

5

ڤاردی لەناو بەفراوی 13.5 پلە لەژێر سفرەوە مەلەدەکات

4

## (رووداو) چۆن مورتەزا (مێسی عەلاگە)ی دۆزییەوە

2«



## پشوو درێژن

کۆمار عەزیزی سکرتێری یانەی وەرزشیی شێروانەی نوێنەری دەڤەری گەرمیان، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند یانەکەیان بڕی زیاتر لە 100 ملیۆن دینار قەرزاری یاریزانەکانیانن، لەگەڵ ئەوەشدا پشوو درێژن و بەردەوامن لە خولی کوردستان. ئەو لەو بارەوە گوتی «ئێمە پارەی ئەمساڵ و ساڵی رابردووی گرێبەستی سەرجەم یاریزانانی خۆمان نەداوە، ئەوەش بووەتە بارێکی قورس بەسەرمانەوە، چونکە ناتوانین مافی یاریزانانمان دابین بکەین. ئێمە زیاتر لە 100 ملیۆن دینار پارەی گرێبەست و شتی دیکەش قەرزارین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام دەبین لە خولی کوردستان».

ژمارە (386) سێشەممە 2016/2/2

لیۆنێل بە فەرمی داوای بینینی کردووە..

# رووداو چۆن مێسی عەلاگەی دۆزییەوە؟



(فۆتۆ: AFP)

**هەرێز جەمال و مێژا خەسرەو**
**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

وێنەی منداڵێکی بچووک کە عەلاگەیەکی سپی و شینی هاوشێوەی درێسی ئەرجەنتینی لەبەرکردبوو، ناوی مێسی و ژمارە 10ی لەپشتییەوە نوسیبوو، بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووک و تویتەری بەخۆیەوە سەرقاڵکرد و لیۆ مێسیش، داوای لە فانەکانی کرد ئەو منداڵەی بۆ بدۆزنەوە.

داواکارییەکەی مێسی سەرجەم فانەکان و خۆشەویستانی ئەم یاریزانە بەناوبانگەی خستە ئامادەباشییەوە، هەر کەس بەپێی تواناکانی بەدوای ئەم منداڵە دەگەڕاو لە زۆر شوێنی جیهاندا چەند منداڵێک بە هاوکاری دەزگایەکی راگەیاندنەوە بانگەوازی ئەوەیان دەکرد کە ئەوان ئەو مێسییەن کە لیۆنێلی ئەرجەنتینی بەدوایدا دەگەڕێت، بەڵام لە کۆتاییدا (رووداو) منداڵە راستەقینەکەی لە گوندێکی ئەفغانستان دۆزییەوە.

دۆزەرەوەی ئەو منداڵە لە باشووری کوردستانەو لە شاری سلێمانی نیشتەجێیە، کە ناوی شاد فاروقە، ئەو خوێندکاری کۆلیژی ئەزمەڕەو شارەزایی لە سێ زمان هەیە.

شاد، کە زۆربەی کات گرافیکەکانی پۆرتاڵی رووداو ئامادە دەکات بە (رووداوی وەرزشی) گوت «لە رێگەی تویتەرەوە تویتێک کراو راگەیێنرا کە ئەو منداڵە خەڵکی دەرەوەی باشووری کوردستانە، پاش گەڕان بە تویتەوەو دروستکردنی پەیوەندییەک، توانیم ئەکاونتی فەرمی براکەی ئەو منداڵە بدۆزمەوە، کە ناوی موتەرزایە، لەو رێگەیەوە وەک یەکەم میدیای جیهانی گفتوگۆم لە گەڵ براکەی موتەرزا ئەنجام داو بە خۆشحاڵییەوە وەڵامی گفتوگۆکەیان دایەوە». شاد هەروەها گوتیشی «راستەوخۆش پاش ئەو دیدارەو بڵاوبوونەوەی چەندین وێنەی تایبەت بە رووداو، مێسی عەلاگەکە دۆزرایەوەو چەندین دەزگای گەورەی جیهانی لە رێگەی ئەو هەڤپەیڤینەی رووداوەوە کەوتنە دۆزینەوەی مورتەزا.

هەرچەندە دەگوترا کە ئەو منداڵە لە باشووری کوردستانە، بەڵام لە ئەنجامی هەوڵ و گەڕانی تۆڕی میدیایی رووداو دەرکەوت منداڵەکە ئەفغانییەو لە ئەفغانستانە. ئەو منداڵە ناوی مورتەزا ئەحمەدییە، تەمەنی 9 ساڵەو خولیایەکی زۆری بۆ تۆپی پێ هەیەو هەواداری مێسییە.

وەک خانەوادەی مورتەزا چیرۆکەکەی کوڕەکەیان بۆ (رووداو) گێڕاوەتەوە، مورتەزا ئەحمەدی، لە نیوەشەوێکدا بەگریانەوە لەخەو هەڵدەستێت و داوای بینینی مێسی دەکات. خانەوادەی مورتەزا لە کێڵگەیەکی بچووک لە باشووری کابولی ئەفغانستان دەژین. هامایۆن، برا گەورەی مورتەزا بۆ (رووداو) روونیکردەوە، کە ئەو وێنەیە زیاتر لە 45 رۆژ پێش ئێستا لە جاغۆری لە ئەفغانستان گیراوە. هامایۆن دەڵێت «مورتەزای برای شێت و شەیدای میسییە، لەبەرئەوەی پارەشیان نییە درێسی مێسی بۆ بکڕن، بۆیە عەلاگەیەکی رەنگ شین و سپی هاوشێوەی درێسەکەی مێسییان لەبەرکردووە».

لە نوێترین پێشهاتدا، سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئەفغانستان رایگەیاند کە نامەیەکی تایبەتیان لە یانەی بارسیلۆنا و لیۆنێل مێسییەوە پێگەیشتووە، بۆ ئەوەی پێکەوە کار لەسەر رێکخستنی ژوانێک بکەن، کە تێیدا مورتەزا چاوی بە مێسی بکەوێت، وێنەی لەگەڵ بگرێت و دیارییەکیشی لێوەربگرێت.

رۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانیش لەسەر زاری عەلی عەلی کازیمی گوتەبێژی یەکێتی تۆپی پێی ئەفغانستان گەیشتنی ئەو نامەیەی بارسا و مێسی پشتڕاستکردەوەو گوتی «مورتەزا سەردانی مێسی دەکات».





مورتەزا لەگەڵ محەممەد عارفی باوکی خەریکی نان خواردنە

راهێنەری پێشووی یانەی زێرەڤانی گلەیی هەیە..

# دەبوایە من بکەنە راهێنەری هەڵبژاردەی کوردستان



**سامان وڵاتژێڕی**
**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

سلێمان رەمەزان، راهێنەری پێشووی یانەی زێرەڤانی، بەشێوەیەکی نا راستەوخۆ گلەیی لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەکات و دەڵێت «ئەگەر پێوەرێک هەبوایە، دەبوایە من راهێنەری هەڵبژاردەی کوردستان بم».

لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ (رووداوی وەرزشی)، سلێمان رەمەزان رایگەیاند دەیەوێت ماوەیەک لە کاری راهێنەرایەتی دووربکەوێتەوە و پشوو بدات لەبەرئەوەش پێدەچێت لەم وەرزەدا پۆستی راهێنەرایەتی هیچ یانەیەکی دیکە وەرنەگرێت.

لەو لێدوانەیدا، سلێمان رەمەزان لەبارەی پۆستی راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی کوردستان بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئەگەر پێوەرێک هەبا وەرگرتنی ئەو پۆستە ئیستحقاقی من بوو، دەبوایە من راهێنەری هەڵبژاردەی کوردستان بم، بەڵام لەبەرئەوەی هیچ پێوەرێک نییە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ئازادە لەوەی کێ دەکاتە راهێنەری هەڵبژاردەکە».

دوای پێشکەشکردنی نامەی دەستلەکارکێشانەوە لەلایەن سلێمان رەمەزانەوە، یانەی زێرەڤانی گرێبەستەکەی لەگەڵ ئەو راهێنەرە کۆتایی هێنا و راهێنەرەکەش دەستبەرداری پۆستەکەی بوو.

لە کەرکووکەوە بۆ بەرازیل..

# خاوەنی گۆڵە ئۆلۆمپییەکەی عێراق قوربانی دەستی داعشە

**هەرێز جەمال**
**رووداوی وەرزشی ـ بەغداد**

خاوەنی گۆڵی سەرکەوتنی عێراق بۆ پێنجەم جار لە مێژوو بۆ رکابەرییەکانی تۆپی پێ لە ئۆلۆمپیاد ناسنامەکەی لە دەوروبەری کەرکوکەو گۆڵەکەش سارێژەکەری خەمەکانی رابردووی بووە.

دوای ئەوەی هەڵبژاردەی عێراق لە پاڵەوانیەتی ئاسیا بۆ ژێر تەمەنی 23 توانی پلەی سێیەم و بلیتی سەرکەوتن بۆ یارییەکانی ئۆلۆمپیادی بەرازیل ببرێت، کە بریارە هاوینی ئەمساڵ بەرێوەبچێت، پشکی زۆری سەرکەوتنەکەی بۆ ئەیمەن حوسێنی یاریزانی هەڵبژاردەکە گەڕایەوە، کاتێک لە خولەکی زیادکراوی یاری پلەبەندی پاڵەوانیەتییەکەدا گۆڵی بردنەوەو سەرکەوتنی بۆ ئۆلۆمپیاد لە هەڵبژاردەی قەتەر تۆمار کرد.

ئەیمەن، لە دایکبووی ناحیەی حەویجەیەو وەک خۆی بە (رووداوی وەرزشی) گوت «سەرەتای یاریکردنم لەگەڵ یانەی گازی باکوور بووە، دواتر پەیوەندیم بە یانەی دهۆکەوە کردووە، بەڵام بەهۆی ئاریشەی دارایی ئەو یانە کوردیەم جیهێشت و پەیوەندیم بە یانەی نەوتەوە کردووە لە خولی نایابی فۆکسی عێراق».


ئەیمەن ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لەوانەیە ئەو گۆڵەی تەنیا خۆشی یەکەمی بوو بێت لەم ژیانەدا بینیبێتی بەو پێیەی هاوینی دوو ساڵ لەمەوپێش لە تەقینەوەیەکدا باوکی گیانی لەدەستداوەو ئێستاش برایەکی لەلایەن داعشەوە دەستەبەسەرە و ئەویش دوور لە خانەوادەیەکەی ژیان لە شاری بەغداد بەسەردەبات، هەر ئەو نەهامەتیانەی بووە خانەوادەکەی پاش ئەو گۆڵە ئاهەنگیان نەگێڕاوە، لە کاتێکدا ئەیمەن بووە هۆی خۆشی بەشی زۆری عێراقییەکان. ئەیمەن گوتیشی «هیوادارم لە ئۆلۆمپیادی بەرازیل نوێنەرایەتییەکی باشی عەرەب بکەین و هەڵبژاردەی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق بین و ئەنجامێکی باش لە نێو گەورەکان تۆمار بکەین».

**«ئەیمەن یاریزانی یانەی دهۆک بوو، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی لەو یانەیە رۆیشت»**



دهۆک پاشەکشەکردنی خۆی بە فەرمی رانەگەیاندووە

# «بەداخەوە یەکێتی تۆپی پێی عێراق هیچ هەڵوێستێکی نەبوو»



**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی ـ دهۆک**

بەرپرسی راگەیاندنی یانەی وەرزشیی دهۆک بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند «ئێمە بە فەرمی ئەوەمان رانەگەیاندووە کە بەشداری یارییەکانی خولی عێراق ناکەین». هەروەها دەشڵێت «یاریزانە پیشەگەرەکانمان دەڕۆن و رێگریان لێناکەین».

ئەمساڵ جیاواز لە ساڵان یانەی وەرزشیی دهۆک لە جامی یانەکانی عێراقی توانی قۆناخێکی باش ببڕێت بۆ گەیشتن بە یارییەکانی پێش کۆتایی و دوای سەرکەوتنی لە یاری چوون بەسەر یانەی جەوییە، لە یاری گەڕانەوە لە شاری بەغداد هاندەرانی یانەی جەوییە هەڕەشەی کوشتنیان لە یاریزانانی یانەی وەرزشیی دهۆک کرد، بۆیە یانەی دهۆک بڕیاری پاشەکشەکردنی داوە لە خولی عێراقی. بەڵام محەممەد عەلی، بەرپرسی راگەیاندنی یانەی وەرزشیی دهۆک بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند کە کشانەوەیان بەشێوەیەکی فەرمی رانەگەیاندووەو گوتی «ئێمە بە فەرمی ئەوەمان رانەگەیاندووە کە بەشداری یارییەکانی خولی عێراق ناکەین، بەڵکو هەڵوێستمان وەرگرتووە لە بەرامبەر ئەو رەفتارەی هاندەرانی یانەی جەوییە لە شاری بەغداد لە دژی یاریزانان و کارگێڕانی یانەکەمان کردیان، کاتێک بە چەکەوە لە هوتێل و لە نێو یاریگەو لە دەرەوەی یاریگەش بە دوامان کەوتوون و هەڕەشەی کوشتنیان لە ئێمە کردووە». گلەیی یانەی دهۆک لە یەکێتی تۆپی پێی عێراقە، کە بە قسەی دهۆکییەکان ئەو یەکێتییە هیچی بۆ نەکردوون و بەرپرسی راگەیاندنی ئەو یانەیە، دەڵێت «ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێی عێراقمان لەو هەڕەشە و بارودۆخە مەترسیدارە ئاگادار کردەوە، بەڵام ئەوان هیچیان بۆ ئێمە نەکرد، بۆیە ئێمەش بۆ سەلامەتی یاریزانانمان بڕیارماندا هەڵوێست وەربگرین و لە خولی عێراقی بکشێینەوە».

ئەو سەری لەوە سوڕماوە کە تاوەکو ئێستاش یەکێتی تۆپی پێی عێراقی وەڵامی ئەوانیان نەداوەتەوە «سەیرە تاوەکو ئێستا یەکێتی تۆپی پێی عێراق هیچ هەڵوێست و تەنانەت هیچ وەڵامێکیشیان بۆ ئێمە نەبووە». لە بارەی ئایندەی یاریزانانی پیشەگەرەکانیشیان، محەممەد عەلی گوتی «ئێمە لەگەڵ یاریزانانی کوردی خۆمان بەردەوام دەبین بۆ درێژەدان بە خولی نایابی یانەکانی کوردستان و شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەش دەکەین، هەرچەندە هێشتا بەدەست گرفتی دارایی دەناڵێنین. یاریزانانی عەرەب و پیشەگەرەکانیش ریزی یانەکە جێدەهێڵن و رێگریان لێ ناکەین».



# 76

دانیال ستۆریدجی هێرشبەری یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی بە یەکێک لە بەدبەختترین یاریزانانی ئێستای یاریگەکانی تۆپی پێی جیهان دادەنرێت بەهۆی زۆر تووشبوونی بە پێکانەکان. بەپێی ئامارەکان تاوەکو ئێستا ستۆریدج بەهۆی پێکانەکانەوە نەیتوانیوە 76 یاری بکات. لەوانەش 26 یاری بەهۆی پێکانی ران. 14 یاری بەهۆی پێکان لە تەنیشتەکانی. 10 یاری بەهۆی ماسوولکەکانی دواوەی. 8 یاری بەهۆی پێکانی ئەژنۆ. 9 یاری بەهۆی پێکانی پاژنەی پێی. یارییەک بەهۆی ماسوولکەی تەنیشتی ران و یەکێکیش بەهۆی پێکانی قاچی و 7 یاریش بەهۆی قەڵەوی.



### ئامارەکانی 4 یاری شایەتی بۆ دەدەن..

# زیزۆ تیکی تاکایەکی مەدریدی دادەنێت

## «لە هەر یارییەکدا زیاتر لە 67 %ی کاتی یارییەکە تۆپ لە یاریگەی تیپی بەرامبەر ریال مەدریددا دەسوڕێتەوە»

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

لە 4 یاریدا، کە تیایاندا سەرپەرشتی مەشقەکانی ریال مەدریدی کردووە، زەینەدین زێدانی ڕاهێنەری نوێی یانەی شاهانە، سیما و ڕوخساری ریال مەدریدی بە گشتی گۆڕیوە، چ لە ڕووی شێوازی یاریکردن، یان پەرۆشی و حەماسەت و لەخۆبوردەیی یاریزانان، یاری جوان و تام و چێژ بەخشین بە هاندەران.

### ترسێکی بێ بنەما

هەرچەندە لە سەرەتای بوونی بە ڕاهێنەری ریال مەدرید، لەلایەن زۆر لە چاودێر و هەوادارانەوە ترسی ئەوە لە ئارادا بوو کە زیزۆ بەهۆی کەمی ئەزموون و لاوازی لە ڕووی تاکتیکەوە شکست بخوات و نەتوانێت لەگەڵ ریال مەدرید سەرکەوتوو بێت، بەڵام بە 4 یاری زیزۆ توانی تام و چێژ بە هاندەرانی ریال مەدرید بداتەوە، کە دەمێک بوو لە سەردەمی رافا بینیتێز لێی بێبەش بوون. ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینە بوو، بۆ دیدی سەردەمیانەی زێدان بۆ تۆپی پێ. ئەمەش ئەو ڕاستییەی دەرخست کە ئەو ترسە بێ بنەما بوو.

### تیکی تاکایەکی نوێ

هەرچەندە تیکی تاکا بەشێوازی بارسێلۆنای کەتالۆنی ناسراوە، بەڵام ئامارەکانی ئەو 4 یارییەی ریال مەدرید دەسەلمێنن کە زیزۆ تیکی تاکایەکی نوێی بە سیما و ڕوخساری مەدریدی داهێناوە. ئەوەتا زیزۆ لە 4 یاریدا بەشێوەیەکی پێوانەیی ڕێژەی کۆنترۆلی تۆپی بە 10 % بەرزکردووەتەوە بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی رافا بینیتێز. چونکە تێکڕایی ڕێژەی کۆنترۆلکردنی تۆپ لە سەردەمی بینیتێز لە سەرجەم یارییەکانیدا 53 % بوو، کەچی لە سەردەمی زێدان لە 4 یاریدا گەیشتووەتە 63 %، کە ئەمەش جیاوازییەکی زۆرەو پێشبینی دەکرێت ئەو ڕێژەیە لە یارییەکانی داهاتوودا بەرزتریش بێتەوە. خودی زێدان دەڵێت «کۆنترۆلکردنی تۆپ زۆر گرنگەو زۆریش کار لەسەر ئەو لایەنە دەکەم».

### ڕێژەی پاسدانیش بەرزترە

بەشێوەیەکی سروشتی کاتێک کۆنترۆلی تۆپ زیاتر دەبێت، واتە تۆپیش زیاتر لەنێو یاریزانانی ئەو تیپەدا یاری پێدەکرێت و پێویستە ڕێژەی پاسدان بەرز ببێتەوە، هەر بۆیەش ئامارەکانی ئەو 4 یارییە دەسەلمێنن کە ڕێژەی پاسدان لە سەردەمی زێدان زۆر جیاوازە لە ڕێژەی پاسدان لە سەردەمی بینیتێز. ئێستا ژمارەی پاسەکانی یاریزانانی ریال مەدرید لە هەر یارییەکدا زیاتر لە 550 پاسە، کەچی ژمارەی پاسەکانی یاریزانانی ئەو یانەیە لە سەردەمی بینیتیز تەنیا 350 پاس بوو لە هەر یارییەکدا. ئەمە بێجگە لەوەی زیزۆ هەر لە یەکەم یاریدا تیپەکەی لەو شێوازی بەرگرییە بێزارکەرە ڕزگارکرد کە بینیتێز بەسەر تیپەکەیدا سەپاند بوو.

### فشاری ترسێنەر

زێدان لە 4 یاریدا توانیویەتی بەشێوەیەک یاری بە یاریزانانی بکات کە هەمیشە فشارێکی ترسێنەر بخەنە سەر تیپی بەرامبەر، بەپێچەوانەی سەردەمی بینیتێز کە زۆرجار فشار دەخرایە سەر ریال مەدرید، تەنانەت لە هەندێک لەوی یارییانەشدا کە ریال مەدرید بە ئەنجام دەیبردنەوە. کەچی زێدان کارێکی کردووە کە یاریزانەکانی زۆرترین کاتیان لە یاریگەی تیپی بەرامبەردا بەسەربەرن. بەپێی ئامارەکان لە هەر یارییەکدا زیاتر لە 67 %ی کاتی یارییەکە تۆپ لە یاریگەی تیپی بەرامبەر ریال مەدریدە. ئەمەش فشاری لەسەر گۆڵی کایلۆر ناڤاس کەمکردووتەوە، بەشێوەیەک لە هەر یارییەکدا تەنیا 2.6 جار گۆڵەکەی ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە، کەچی لە سەردەمی بینیتێزدا لە هەندێک یارییدا دەگەیشتە 7 جار.

### دوور نییە زێزۆ مێژووی خۆی بسڕێتەوە

سەرەڕای ئەم ئامارانە، هێشتا هەندێک لە چاودێران گەشبین نین بە سەرکەوتنی زیزۆ وەک ڕاهێنەر لەگەڵ ریال مەدریدو پێیانوایە ئەو 4 یارییە پێوەرێکی ڕاستەقینە نین، بۆ ئاستی ریال مەدرید و بلیمەتی زێدان.

ساڤیۆی یاریزانی بەرازیلی، کە پێشتر لەگەڵ زێدان یاری بۆ ریال مەدرید کردووە، باسی هاوڕێی پێشووی دەکات و دەڵێت «کە زانیم زێدان بووەتە ڕاهێنەری ریال مەدرید لە شوێنی رافا بینیتێز سەرم سوڕما، چونکە مەسەلەکە توانا نییە، زێدان مێژوویەکی گەورەی لەگەڵ ریال مەدرید هەیەو سیمبوڵی یانەکەیە، بوون بە ڕاهێنەری ریال مەدرید شتێکی ئاڵۆزە، چونکە فشارێکی زۆر لەسەر تیپەکەیە، ئەگەر شتەکان بە ئاراستەی هەڵە گوزەر بکەن، لەوانەیە ئەو بڕیارە ببێتە هۆی لەناوبردنی هەموو ئەو شتانەی کە زێدان وەک یاریزانی یانەکە بنیاتی ناوە». ئەو یاریزانەی پێشووی ریال مەدرید پێیوایە ئایندەی زێدان بە مەترسی زۆر دەور دراوە، بەڵام لەگلە ئەوەشدا دەڵێت «سەرەڕای هەموو ئەو مەترسیانە دەستنیشانکردنی زێدان بە ڕاهێنەری تیپی شاهانە دانایی بوو، چونکە ئەو لەنێو جیهانی تۆپی پێدا دەژیت و لەو خولانەی بینیویەتی شتی زۆر فێر بووە، هەروەها لەگەڵ ئەنچیلۆتیش کاری کردووە. زێدان ئەو کاتەی یاریزان بوو وەک پێشەوا خۆی دەردەخست، هەموو یاریزانەکان ڕێزیان لێدەگرت».

> «لەسەردەمی زیزۆدا گۆڵی ناڤاس لە هەر یارییەکدا تەنیا 2.6 جار ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە، کەچی لە سەردەمی بینیتێزدا لە هەندێک یارییدا دەگەیشتە 7 جار»



### لیژنەی ناوبژیوانان لە بۆسە دایە..

# ڕۆناڵدۆ چیدی لە سزادان ڕزگاری نابێت

## «لەمەودوا لە هەر یاریزانێک بدات سزا دەدرێت، تەنانەت ئەگەر ناوبژیوانیش نەیبینێت»

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

کەناڵی چواری ئیسپانیا ڕایگەیاند هەڵسوکەوتی توندی ئەستێرەی پورتوگالی، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لەم وەرزەدا و تێوەگلانی لە چەندین دیمەن، کە تیایاندا دەستدرێژی دەکاتە سەر یاریزانانی تیپی بەرامبەر بەبێ تۆپ، کەوتووەتە ژێر چاودێری لیژنەی ناوبژیوانان لە یەکێتی تۆپی پێی ئیسپانیاوە.

سەرچاوەیەک لە لیژنەی ناوبژیوانان بۆ کەناڵەکە ئاشکرایکردووە، کە زۆر لە ئەندامانی لیژنەکە بێزاری خۆیان لەو بارودۆخە نیشانداوەو هەندێکیان نا ڕازین لەوەی ڕۆناڵدۆ تاوەکو ئێستا، کە 5 جار دەستدرێژی کردووەتە سەر یاریزانانی دیکە، ڕووبەڕووی هیچ سزایەک نەبووەتەوە بەبیانووی ئەوەی کە ناوبژیوانی یاری نەیبینیوە. لەو بارەوە ئەو سەرچاوەیە دەڵێت «ئەوان داوا دەکەن لەمەودوا ئەو یاریزانانەی ئەو جۆرە ڕەوشتە نا وەرزشییانە لەناو یاریگەدا دەیکەن بەتوندی سزا بدرێن، ئەگەر لەدوای یارییەکە زوومی کامێراکان ئەو دیمەنانەیان خستە بەرچاوی هەموو لایەک».

هەروەها ئەو سەچاوەیەی لیژنەی ناوبژیوانان ئاشکراشیکرد کە ڕێنمایی توند دراوەتە ئەو ناوبژیوانانەی، کە لە گەڕەکانی داهاتوودا دەبنە ناوبژیوانی یارییەکانی ریال مەدرید، چاودێری ڕۆناڵدۆ و هەڵسوکەوتەکانی بکەن لە نێو یاریگەدا، بۆ ئەوەی ئاگایان لە هەموو هەڵسوکەوتێکی توندی دۆن بێت کە ئەنجامیان دەدات. هەروەها پشت بە لێدانەوەی ڤیدیۆ دەبەسترێت لە گەڕەکانی داهاتوودا، بۆ ئەوەی ئەگەر دەستدرێژی کردە سەر یاریزانێکی تیپی بەرامبەر بەبێ تۆپ سزا بدرێت، چونکە ڕۆناڵدۆ ئەم وەرزە تاوەکو ئێستا 5 جار بەبێ سزا دەربازی بووە.

ڕۆناڵدۆ دوایین جار لە یاری ریال بەرامبەر ریال بیتیس لە هەفتەی ڕابردوودا، لە وەرگرتنی کارتی سوور ڕایکرد دوای ئەوەی بەبێ تۆپ لە ڕکابەرەکەی مۆلینیرۆی دا، هۆیەکەشی ئەوەبوو ناوبژیوان ڕووداوەکەی نەبینی، هەرچەندە کامێراکان هەموو ڕووداوەکەیان تۆمار کردبوو.




ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێک بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێک کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێک دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

411
korektel.com



## راستە

سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی ئەو هەواڵەی پشتڕاستکردەوە کە باس لە نیگەرانی فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی یانەی شاهانە لە کاپتنی یانەکەی، سێرجیۆ رامۆس دەکات و لەو بارەوە دەڵێت «راستە، پیرێز زۆر تووڕە بووە لە سێرجیۆ رامۆس بەهۆی زۆر سەفەرکردنی بۆ شاری سڤیلیا، شوێنی لەدایکبوونی خۆی، بۆیە زۆر بەتوندی هۆشداری داوەتە رامۆس و پێیگوتووە تۆ کاپتنی، پێویستە لەم قۆناخە گرنگەدا بەشێوەیەکی پیشەگەرانەتر هەڵسوکەوت بکەی».



### هۆکاری درەوشانەوەی جیمی بزانە..

# ڤاردی لەناو بەفراوی 13.5 پلە لەژێر سفرەوە مەلەدەکات

**رووداوی وەرزشی ـ TIMES**

ئەندامێکی دەستەی راهێنەرانی یانەی لیستەر سیتی ئینگلیزی، نهێنییەکی جیمی ڤاردی هێرشبەری ئەو یانە ئینگلیزییە ئاشکرادەکات و دەڵێت "ڤاردی بەهۆی 2 شت ئەو ئاستە بەرزە پێشکەش دەکات".

جیمی ڤاردی، ئەو وەرزە بووەتە هێرشبەری یەکەمی ئینگلتەرا، دوای ئەوەی ماوەیەکی کەم پێش ئێستا کەس نەیدەناسی، ئەوەش بۆ درەوشانەوەی بەرچاوی لەگەڵ یانەی لیستەر سیتی دەگەڕێتەوە، کە ئێستا یەکەمی پریمەرلیگە و خۆیشی تاوەکو ئێستا گۆڵکاری خولەکەیە. درەوشانەوەی ڤاردی لە خۆڕا نەبووە، بەڵکو لە ئاکامی کاری سەرڕاست و پابەندبوون و راهێنانی قورس بووە، لەگەڵ گرتنەبەری هەندێ نەریتی تەندروستی توند، بۆ ئەوەی بتوانێت پارێزگاری لە توانای جەستەیی خۆی بکات.

رۆژنامەی تایمزی بەریتانی باسی ئەوە دەکات، ڤاردی بەردەوام پەیڕەوی دوو شت دەکات، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە توانای جەستەیی خۆی بکات، ئەوانیش خواردنەوەی شەربەتی گێلاس و مەلەکردنە لە ئاوی زۆر سارد لە پلەی 13.5 لە ژێر سفرەوە.

مات ریفیس، ئەندامی دەستەی راهێنەرانی لیستەر سیتی، کە راهێنەری ئیتاڵی کلاودیۆ رانییێری سەرپەرشتی دەکات ئەو شتەی ئاشکرا کردووە و لەم بارەوە دەڵێت "ڤاردی لە جۆری ئەو یاریزانانەیە کە پڕ وزەن و لە هەموو یاریزانەکانی دیکەی تیپەکە زیاتر پارێزگاری لە جەستەی خۆی دەکات، دوای هەموو یارییەکیش پرۆتین، ماست و شەربەتی گێلاس دەخواتەوە". ریفیس باسی ئەوەش دەکات "ڤاردی راهێنانی شێلان دەکات و لە ئاوی زۆر سارد لە پلەی 13.5 لە ژێر سفرەوە خۆی نقوم دەکات".

ئەمەو ڤاردی لە 23 یاری پریمەرلیگ 16 گۆڵی تۆمارکردووە، ئارەزووش دەکات پارێزگاری لە لوتکەی توانای جەستەیی خۆی بکات، بۆ ئەوەی لە یۆرۆی 2016 وەک هێرشبەری سەرەڕمی سەرەکی لەگەڵ هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بەشداری بکات و شوێنی گۆڵکاری مێژوویی، واین رۆنی ئەستێرەی مانچستەر یونایتد بگرێتەوە.



### ئەکادیمیاکەی بەرەو لەناوچوونە..

# ئایندەی شەیتانەکان لە مەترسیدایە

**رووداوی وەرزشی ـ MU4**

بە جیاوازی 30 خاڵ لە مانچستەر سیتی، مانچستەر یونایتد لە پلەی 11 لە ریزبەندی خولی لاوان دێت، بەم پلە لە پاشە و ئەو جیاوازییە زۆرەی خاڵەکان لە دراوسێیە شین پۆشەکەیان، لاوانی مانچستەر یونایتد ئایندەی تیپەکەیان دەخنە مەترسییەکی گەورەوە.

ئەکادیمیای مانچستەر یونایتد بۆ لاوان کە چەندین ئەفسانەی بە جیهان بەخشیوە، وەک سێر بۆبی چارلتۆن، نۆرمان وایتساید، دێڤید بێکهام، رایان گیگز، پۆڵ سکولز و گاری نیڤل، ئێستا بووەتە سەرچاوەی مەترسی بۆ سەر ئایندەی شەیتان سوورەکان. مانچستەر سیتی لە سەرووی ریزبەندی خولی لاوان دێت بە 41 خاڵ، لیڤەرپوول بە 40 خاڵ لە پلەی دووەم دێت و ئێڤەرتۆنیش بە 38 خاڵ لە پلەی سێیەم دێت. بارودۆخی تیپی لاوانی مانچستەر یونایتد لە بارودۆخی تیپی یەکەم زۆر جیاوازتر نییە، هەرچەندە تیپەکە بەم دواییە کەمێک هەستاوەتەوە و جیاوازی خاڵەکانی کەم کردووەتەوە و قاچەکانی ئەو هۆڵەندییە پیرەی قایمتر کردووە، بەڵام لە ئەکادیمیای یانەکە بارودۆخەکە لەبار نییە، کە یارمەتی ئەفسانەی راهێنەرایەتی مێژووی سێر ئەلیکس فیرگسۆنی دا لە وەرزی 1996 نازناوی خولی نایابی ئینگلیزی بەدەستبێنێت بۆ جاری سێیەم لە چوار وەرزدا، دوای ئەوەی پشتی بە دیارترین یاریزانانی ئەکادیمیاکە بەست، وەک دێڤید بێکهام، پۆڵ سکۆڵز، نیکی بات، گاری نیڤل و فیل نیڤل، بەمەش سێر توانی دەمی رەخنەگرانی دابخات کە پێیان دەگوت "فێرگسۆن لەگەڵ ئەو منداڵانە هیچ شتێک بەدەست ناهێنێت".

هەروەها ئەکادیمیای ئەفسانەکان هۆکارێکی دیکەی بەدەستهێنانی سێ نازناو بوو لە ساڵی 1999. بەڵام وادیارە ئێستا ئەو ئەکادیمیایە بەرەو لەناوچوونە.



کاربۆ

رووداوی وەر

پێدەچێت ئا

### لە سەردەمی زیزۆدا..

# کارفاخال سەربازە ونەکەی ریال مەدرید

**رووداوی وەرزشی ـ SPORT**

دانی کارفاخال، ئەو یاریزانەی رافا بینیتێزی راهێنەری پێشووی ریال مەدرید متمانەی پێنەبوو، لەدوای بوونی زەینەدین زێدان بە راهێنەری یانەی شاهانە، بووەتە سەربازە ونەکەی ئەو یانەیەو بەشدارییەکی بەرچاو لە هێرشبردنی یانەکەدا دەبینێت.

راهێنەری فەرەنسی تازە زەینەدین زێدان لە سەرەتای کارکردنی لەگەڵ ریال مەدرید، گرەوی لەسەر دەرکەوتنی بەرگریکاری لای راست دانی کارفاخال کرد لەجیاتی دانیلۆی بەرازیلی، بەمەش لە کۆی 10 گۆڵ بەشداری لە دروستکردنی 7 گۆڵ کرد، تەنیا لە دوو یارییدا.

کارفاخال لە سەرەتای ئەم وەرزە تووشی کێشەهات، لەبەرئەوەی راهێنەری پێشوو، رافا بینیتێز لەجیاتی ئەو وەک یاریزانی سەرەکی پشتی بە دانیلۆ دەبەست، بێجگە لە کێشەی لەگەڵ پێکانەکان، بەڵام لە یەکەم دوو یاری لەژێر سەرپەرشتی زیزۆ، کە وەرەی زۆر بەرزە کردەوە بە ئاستێکی زۆر نایاب دەرکەوت.

ئەو بەرگریکارە ئیسپانییە لە هەردوو یاری دیپۆرتیڤۆ لاکۆرۆنیا و سپۆرتینگ خیخۆن لە لیگا لە رووی هێرشکردنەوە بەشداریکردنێکی بەرچاوی هەبوو، لە زۆربەی هێرشەکاندا بوونی هەبوو کە گۆڵی لێ تۆمار دەکرا، بە رۆڵی بەرگریکردنی خۆشی پابەند بوو.

کارفاخال سێ ئەسیستی راستەوخۆی هەبوو لەم وەرزەدا، گۆڵێکشی لە گۆڵی شاختاری ئۆکرانی کرد لە چامپیۆنسلیگ. دوو پێکان رێگەیان لە کاروانی بەرچاوی کارفاخال لە نیوەی وەرزی یەکەم گرت، بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید و ئەیبار کە بووە هۆی دابڕانی بۆ ماوەی نزیکەی 21 هەفتە، بەڵام پێدەچێت سوور بێت لەسەر درەوشانەوە لەژێر سەرپەرشتی زێدان.

ئەمەو ریال مەدرید لەگەڵ زێدان تاوەکو ئێستا ئاستێکی باش پێشکەش دەکات، لە یەکەم 4 یاریدا 3 بردنەوەی بەدەستهێناوە و ئاستیشی دوای رۆیشتنی بینیتێز باشبوونێکی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە.



# لە پشت پەردەوە

لەم گۆشەیەدا، بە چەند ئەڵقەیەک هەندێک نهێنی پشت پەردەی ئەستێرەکانی تۆپی پێ دەخەینەڕوو، کە ئەو ئەستێرانە یان نووسەرانی دیکە لە یاداشتەکانیاندا ئاشکرایانکردووە.

### بەسەرهاتەکانی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ

زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی سوێدی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی لە کتێبەکەیدا «من زلاتانم» باسی بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی دەکات، کە پێدەچێت لە منداڵیدا ژیانێکی زۆر هەژار و سەختی لەگەڵ خێزانەکەیدا بەڕێکردبێت.

### یارییەکی تازە

«ئەو رۆژە تەنیا رێککەوتنی نێوان هەردوو یانە مابوو، ئەگەر یۆڤی بیەوێ بمفرۆشێ، بەرامبەر بڕە پارەیەکی باش ئەوە دەیکات».

«یارییەکی تازە بوو لەنێوان هەردوو کارگێڕیدا، بەڵام بەر لە هەر شتێک مۆراتی یەکسەر تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: زلاتان، تۆ بەختەوەری؟».

«گوتم: من زۆر بەختەوەرم. بە رستەیەک وەڵامی دایەوەو گوتی: زۆر باشە من پێشوازیت لێدەکەم لە یانەکەم».

«ئەوکات زانیم شتەکان باشن و دواجار هەناسەیەکی قوڵم هەڵمژی».

«بە درێژایی بەهار و هاوین بەدەست فشارەوە دەمناڵاند، بەڵام بەچەند چرکەیەک ونبوو».

«ئێستا تەنیا ئەوە مابوو پەیوەندی بە کارگێڕی میلان بکات و شتەکەیان پێی رابگەینێت».

«دوای ئەوە ئەستەم دەبێت بیرلسکۆنی پێشوازیم لێبکات، بەدڵنیاییەوە ئێمە باسی کەش و هەوا ناکەین بە نموونە. بەڵام ئەوەی تێیگەیشتم رۆسۆنیری بەتەواوی سەری سوڕمابوو».

### لە ئینتەرمیلان

«چی روویدا؟ زلاتان دەچێتە ئینتەرمیلان؟ شتەکان لەوانەیە بەخێرایی رووبدەن. رایۆلا ئەوەی پێگوتن لەو کاتەدا».

«لە کۆتاییدا بەرامبەر بە 27 ملیۆن یۆرۆ، 270 ملیۆن کرۆنەی تەواو چوومە ئینتەرمیلان».

«ئەوە گەورەترین دەستەوارەی گواستنەوەی ئەو وەرزەی خولی ئیتاڵیا بوو».

«سەبارەت بەو غەرامەیەش کە دیدێ دیشامپ دایبنابوو نەمدا، مینۆ رایۆلا وایکرد ون ببێت».

«مۆراتی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن قسەی کرد و گوتی: هاتنی ئیبراهیمۆڤیچ بۆ ئینتەرمیلان وەک هاتنی رۆناڵدۆ بوو بۆ ئینتەرمیلان».

«ئەوەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دڵم هەبوو، ئامادەی رکابەریکردن بووم، بەڵام بەر لەوە دەبوو بچمە گۆتنبێرگ بۆ بەشداریکردن لەگەڵ هەڵبژاردەی سوێد».

«پێشبینی گەشتێکی ئارامم دەکرد بەر لەوەی بگەڕێمەوە و لەوێ دەست بەکاری سەخت بکەم».

### لەگەڵ مۆرینیۆ

«ئەوکات لە نزیکەوە نەمدەناسی، بەڵام ئەو سەردەمە خۆزێ مۆرینیۆ پیاوە تایبەتەکە بوو، زۆر شتم لەبارەوە گوێ لێدەبوو».

«لەخۆم دەپرسی دەبێت کەسێکی لەخۆبایی بێت و کۆنگرە رۆژنامەوانیەکانیشی زۆر لە نمایش بچێت».

«ئەو کەسێکە بەردەوام ئەو شتە دەڵێ کە باوەڕی پێی هەیە بێ جوانکاری، بەڵام باش نەمدەناسی».

«بۆیە بیرم کردەوە: لەوانەیە وەک فابیۆ کاپیلۆ، راهێنەرێکی توند بێت».

«بەڵام بەڕاستی بەو شتە دڵخۆش دەبم، چونکە من حەزم لەو جۆرە راهێنەرانەیە».

«بەڵام بەهەڵەدا چوو بووم، هەر هیچ نەبێت لە بەشێکی، کە مۆرینیۆ پورتوگالییە».

«ئەو دەبێت بەردەوام لە ناوەڕاستی رووداوەکان بێت، بەجۆرێک هانی یاریزانەکانی دەدات کەس وەک ئەوی پێناکرێ».




## جوانترین لێدوانەکانی هەفتە



باشترین یاریزانی جیهان مێسییە، دووەم باشترین یاریزانی جیهان مێسی یەدەگە، سێیەم باشترین یاریزانی جیهانیش مێسییە بە پێکانەوە

زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ
(کاپتنی هەڵبژاردەی سوێد)



من هەقم لەوە نییە کێ باڵۆن دۆری بردووەتەوە، گرنگ ئەوەیە باشترین یاریزانی جیهان یاریزانی منە، بێگومان ئەویش کریستیانۆ رۆناڵدۆیە

زەینەدین زێدان
(راهێنەری یانەی ریال مەدرید)



ئەوەندەی من مۆرینیۆ بناسم، کەسایەتییەکەی هەرگیز رێگەی پێنادات داوا لە یانەیەک بکات ببێتە راهێنەری، تەنانەت مانچستەر یونایتدیش

فابیۆ کاپیۆ
(راهێنەری بەناوبانگی ئیتاڵی)



دەبێ کاڤانی بیرکردنەوەی خۆی بگۆڕێت، چونکە ئەو تەنیا بیر لە بەرژەوەندی خۆی دەکاتەوەو هیچ گرنگی بە بەرژەوەندی تیپەکەی نادات

لۆران بلان
(راهێنەری یانەی پاریس سانجێرمان)



لە پاریس زۆر کەس خەون بە رۆناڵدۆوە دەبینن، بۆیە لێیان گەڕێن با لەخەو هەڵنەستنەوەو بۆ خۆیان هەر لەگەڵ ئەو خەونە خۆشە بژین

فلۆرەنتینۆ پیرێز
(سەرۆکی یانەی ریال مەدرید)



بچمە هەر شوێنێک و هەر تیپێکی نو
پێویستیم بە دوژمن و رەخنەی زۆرتر هەیە، ب
ئەوەی باشتر بم

پیپ گواردیۆ
(راهێنەری یانەی بایرن میونشن

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

خولی ئینگلتەرا
03:45
شەممە 6/2/2016
مانچستەر سیتی - لیستەر سیتی

خولی ئەڵمانیا
08:30
شەممە 6/2/2016
بایرلیڤەرکۆزن - بایرن میونشن

خولی ئینگلتەرا
07:00
یەکشەممە 7/2/2016
چێلسی - مانچستەر یونایتد

خولی فەرەنسا
11:00
یەکشەممە 7/2/2016
مارسیلیا - پاریس سانجێرمان

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 24)

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2016/2/2** | |
| مۆناکۆ - باستیا | 09:00 |
| مۆنپێلیە - مارسیلیا | 11:00 |
| **چوارشەممە 2016/2/3** | |
| گانگۆن - تروا | 09:00 |
| لیل - کان | 09:00 |
| لیۆن - بۆردۆ | 09:00 |
| نانت - ئەجاکسیۆ | 09:00 |
| نیس - تۆلۆز | 09:00 |
| ریمس - ئەنجی | 09:00 |
| پاریس سانجێرمان - لۆریان | 11:00 |
| **پێنجشەممە 2016/2/4** | |
| رین - سانت ئیتیان | 11:00 |
| **شەممە 2016/2/6 (هەفتەی 25)** | |
| مۆناکۆ - نیس | 04:00 |
| ئەنجی - لیۆن | 07:00 |
| باستیا - تروا | 10:00 |
| تۆلۆز - نانت | 10:00 |
| کان - ریمس | 10:00 |
| لۆریان - مۆنپێلیە | 10:00 |
| ئەجاکسیۆ - گانگۆن | 10:00 |
| **یەکشەممە 2016/2/7** | |
| لیل - رین | 04:00 |
| بۆردۆ - سانت ئیتیان | 07:00 |
| مارسیلیا - پاریس سانجێرمان | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - پاریس سانجێرمان | 63 |
| 2 - مۆناکۆ | 39 |
| 3 - ئەنجی | 37 |
| 4 - نیس | 36 |
| 5 - کان | 36 |
| 6 - رین | 34 |
| 7 - بۆردۆ | 33 |
| 8 - سانت ئیتیان | 33 |
| 9 - نانت | 32 |
| 10 - مارسیلیا | 31 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 19 |
| 2 - پاتشوای | مارسیلیا | 12 |
| 3 - موکاندچۆ | لۆریان | 11 |
| 4 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 10 |
| 5 - بن عەرەفە | نیس | 10 |

## جامی شای ئیسپانیا (قوناخی 4)

| | |
|---|---|
| **چوارشەممە 2016/2/3** | |
| بارسیلۆنا - ڤالنسیا | 11:00 |
| **پێنجشەممە 2016/2/4** | |
| سڤیلیا - سێلتاڤیگۆ | 10:30 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - حەدادی | بارسیلۆنا | 5 |
| 2 - جودیتی | سێلتاڤیگۆ | 5 |
| 3 - نیگریدۆ | ڤالنسیا | 4 |
| 4 - ئەبدۆن | میراندێس | 4 |
| 5 - نەیمار | بارسیلۆنا | 3 |

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 20)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2016/2/5** | |
| مونشنگلادباخ - ڤێردەربریمەن | 10:30 |
| **شەممە 2016/2/6** | |
| شالکە - ڤۆلفسبۆرگ | 05:30 |
| هانۆڤەر - ماینز | 05:30 |
| ئینگۆلشتات - ئوگسبۆرگ | 05:30 |
| فرانکفۆرت - شتۆتگارت | 05:30 |
| هێرتا بەرلین - بورۆسیا دۆرتمۆند | 05:30 |
| بایرلیڤەرکۆزن - بایرن میونشن | 08:30 |
| **یەکشەممە 2016/2/7** | |
| هامبۆرگ - کۆڵن | 05:30 |
| هۆفنهایم - دارمشتات | 07:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 52 |
| 2 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 44 |
| 3 - هێرتا بەرلین | 34 |
| 4 - بایرلیڤەرکۆزن | 31 |
| 5 - شالکە | 30 |
| 6 - مونشنگلادباخ | 29 |
| 7 - ڤۆلفسبۆرگ | 27 |
| 8 - ماینز | 27 |
| 9 - کۆڵن | 25 |
| 10 - ئینگۆلشتات | 23 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 20 |
| 2 - ئۆباميانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 20 |
| 3 - مۆلەر | بایرن میونشن | 15 |
| 4 - چیچاریتۆ | بایرلیڤەرکۆزن | 13 |
| 5 - ماییر | فرانکفۆرت | 10 |

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 23)

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2016/2/2** | |
| ساسۆلۆ - رۆما | 10:45 |
| **چوارشەممە 2016/2/3** | |
| فرۆزینۆنی - بۆلۆنیا | 10:30 |
| ڤیرۆنا - ئاتالانتا | 10:45 |
| فیۆرەنتینا - کارپی | 10:45 |
| ئینتەرمیلان - کیێڤۆ | 10:45 |
| یوڤانتۆس - جێنەوا | 10:45 |
| پالێرمۆ - میلان | 10:45 |
| لازیۆ - ناپۆلی | 10:45 |
| سامپدۆریا - تۆرینۆ | 10:45 |
| ئیمپۆلی - ئۆدینێزی | 10:45 |
| **شەممە 2016/2/6 (هەفتەی 24)** | |
| جێنەوا - لازیۆ | 08:00 |
| بۆلۆنیا - فیۆرەنتینا | 10:45 |
| **یەکشەممە 2016/2/7** | |
| ڤیرۆنا - ئینتەرمیلان | 02:30 |
| ناپۆلی - کارپی | 05:00 |
| تۆرینۆ - کیێڤۆ | 05:00 |
| فرۆزینۆنی - یوڤانتۆس | 05:00 |
| ساسۆلۆ - پالێرمۆ | 05:00 |
| میلان - ئۆدینێزی | 05:00 |
| ئاتالانتا - ئیمپۆلی | 08:00 |
| رۆما - سامپدۆریا | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ناپۆلی | 50 |
| 2 - یوڤانتۆس | 48 |
| 3 - فیۆرەنتینا | 42 |
| 4 - ئینتەرمیلان | 41 |
| 5 - رۆما | 38 |
| 6 - میلان | 36 |
| 7 - ساسۆلۆ | 33 |
| 8 - لازیۆ | 32 |
| 9 - ئیمپۆلی | 32 |
| 10 - بۆلۆنیا | 29 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - هیگواین | ناپۆلی | 22 |
| 2 - دیبالا | یوڤانتۆس | 12 |
| 3 - مارتینز | سامپادۆریا | 12 |
| 4 - کالینیچ | فیۆرەنتینا | 11 |
| 5 - باکا | میلان | 11 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 24)

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2016/2/2** | |
| وێستهام - ئەستۆن ڤێلا | 10:45 |
| لیستەر سیتی - لیڤەرپوول | 10:45 |
| سەندەرلاند - مانچستەر سیتی | 10:45 |
| ئارسناڵ - ساوسهامتۆن | 10:45 |
| نۆرویچ سیتی - تۆتنهام | 10:45 |
| مانچستەر یونایتد - ستۆک سیتی | 11:00 |
| وێست برۆمیچ - سوانزی سیتی | 11:00 |
| کریستال پالاس - بۆرنیمۆس | 11:00 |
| **چوارشەممە 2016/2/3** | |
| ئێڤەرتۆن - نیوکاسڵ | 10:45 |
| واتفۆرد - چێڵسی | 10:45 |
| **شەممە 2016/2/6 (هەفتەی 25)** | |
| مانچستەر سیتی - لیستەر سیتی | 03:45 |
| سوانزی سیتی - کریستال پالاس | 06:00 |
| ستوک سیتی - ئێڤەرتۆن | 06:00 |
| ئەستۆن ڤێلا - نۆرویچ سیتی | 06:00 |
| لیڤەرپوول - سەندەرلاند | 06:00 |
| تۆتنهام - واتفۆرد | 06:00 |
| نیوکاسڵ - وێست برۆمیچ | 06:00 |
| **یەکشەممە 2016/2/7** | |
| بۆرنیمۆس - ئارسناڵ | 04:30 |
| چێڵسی - مانچستەر یونایتد | 07:00 |
| **دووشەممە 2016/2/8** | |
| ساوسهامتۆن - وێستهام | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - لیستەر سیتی | 47 |
| 2 - مانچستەر سیتی | 44 |
| 3 - ئارسناڵ | 44 |
| 4 - تۆتنهام | 42 |
| 5 - مانچستەر یونایتد | 37 |
| 6 - وێستهام | 36 |
| 7 - لیڤەرپوول | 34 |
| 8 - ساوسهامبتۆن | 33 |
| 9 - ستۆک سیتی | 33 |
| 10 - واتفۆرد | 32 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ڤاردی | لیستەر سیتی | 16 |
| 2 - لۆکاکۆ | ئێڤەرتۆن | 15 |
| 3 - ئۆدیۆن | واتفۆرد | 15 |
| 4 - محرز | لیستەر سیتی | 13 |
| 5 - کەین | تۆتنهام | 13 |

## خولی ئیسپانیا ( هەفتەی 23 )

| | |
|---|---|
| **هەینی 2016/2/5** | |
| مەلەگە - گیتافی | 10:30 |
| **شەممە 2016/2/6** | |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید - ئیبار | 06:00 |
| رایۆ ڤالیکانۆ - لاس پالماس | 08:15 |
| ئەتلەتیک بلباو - ڤیارپال | 10:30 |
| خیخۆن - دیپۆرتیڤۆ | 12:05 |
| **یەکشەممە 2016/2/7** | |
| لیڤانتی - بارسێلۆنا | 02:00 |
| ریال بیتیس - ڤاڵنسیا | 06:00 |
| سێلتاڤیگۆ - سڤیلیا | 08:15 |
| گرانادا - ریال مەدرید | 10:30 |
| **دووشەممە 2016/2/8** | |
| ئیسپانیۆل - ریال سۆسیداد | 10:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بارسێلۆنا | 51 |
| 2 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 48 |
| 3 - ریال مەدرید | 47 |
| 4 - ڤیارپال | 44 |
| 5 - سڤیلیا | 36 |
| 6 - ئەتلەتیک بلباو | 34 |
| 7 - سێلتاڤیگۆ | 34 |
| 8 - ئیبار | 33 |
| 9 - دیپۆرتیڤۆ | 29 |
| 10 - مەلەگە | 27 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - سوارێز | بارسێلۆنا | 19 |
| 2 - رۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 19 |
| 3 - بنزیمە | ریال مەدرید | 18 |
| 4 - نەیمار | بارسێلۆنا | 16 |
| 5 - بۆرخا | ئیبار | 15 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (دیپۆرتیڤۆ - رایۆ ڤالیکانۆ) دانراوە.

خولی ئینگلتەرا
10:45
سێشەممە 2/2/2016
لیستەر سیتی - لیڤەرپوول

خولی ئیتاڵیا
10:45
چوارشەممە 3/2/2016
لازیۆ - ناپۆلی

جامی ئیسپانیا
11:00
چوارشەممە 3/2/2016
بارسیلۆنا - ڤالنسیا

جامی ئیسپانیا
10:30
پێنجشەممە 4/2/2016
سڤیلیا - سێلتاڤیگۆ

ژمارە (386) سێشەممە 2016/2/2



## شیکترینە

لە ئاهەنگی هەڵبژاردنی باشتری کەسایەتییە وەرزشییەکانی فەرەنسا، کە ساڵانە لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا ئەنجام دەدرێت، هەریەک لە لۆران بلانی راهێنەری یانەی پاریس سانجێرمان و کیڤن تورابی گۆڵپارێزی ئەو یانەیە خەڵاتی شیکترین ئەستێرەکانی فەرەنسایان وەرگرت، کە گۆڤارێکی بەناوبانگی فەرەنسی خەڵاتەکە دەبەخشێت. بیسێنتی لیزارازۆی بەرگریکاری پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا لە بارەی بلانەوە، گوتی «بێگومان بلان شایەنی ئەو خەڵاتەیە، چونکە پیاوێکی زۆر شیکە، زۆر بایەخ بە جلوبەرگی دەدات، لەهەر یارییەکدا بە قاتێکی نوێ دەردەکەوێت».



ڕێبوار محەممەد

## بچنەوە شاخ

کورد و شاخ پەیوەندییەکی قووڵ و مێژوویییان هەیە، ئاخر چیا لە جوگرافیا شاخاوییەکەی کوردستانی گەورە، بوونی چیا بە پشت و پەنا و مەنزڵگای کورد لە قۆناخە جیاوازەکانی مێژوودا، وایکردووە هەمیشە ئەویندارییەکی قووڵ لە نێوان ئەو دووانەدا هەبێت و زۆرجاریش گەڕیدە و رۆژهەڵاتناسەکان باسی ئەوە بکەن چیا تاکە دۆستی کورد بووە.

ئێستا پەیوەندییەکە لە شۆڕشگێڕی و خۆپەنادانەوە لە چیا، گۆڕاوە بۆ دۆستایەتییەکی قووڵتر لەوە، دۆستایەتییەک کە تێیدا مرۆڤی کورد وەک ئەوەی لە هەموو جیهاندا هەیە، دەیەوێ بەگژ سەختی، توندی، چۆڵیی چیاکاندا بچێتەوە و پێشانی بدات دەتوانێ بیبەزێنێت.

دەمەوێ بڵێم بچنەوە شاخ، من خۆم بەهۆی وەرزینەوە ئەو ئەزموونەم تاقیکردەوە، لەگەڵ شاخەوانەکانی سلێمانیدا (وەک ئەوەی لە وەرزیندا پێشاندرا) گەشتی شاخم کرد.

گەشتکردن بۆ شاخ بۆ من ئەزموونێکی زۆر نوێ بوو، ئەزموونێک راستە ماندوویەتی زۆری ویست، مانەوە لە چیا و شەونخونی تێدا بوو، بەڵام گەڕانەوە بوو بۆ بۆنی سرووشت، چیا و بۆنی ئاگر و شتە سەرەتایی و سادەکانی ژیان بوو. چیا جارێکی دیکە ئەو دیمەنانەی پێشاندامەوە کە لە منداڵیدا یان لە تەمەنی دواتردا لە گوندەکانی خەلەکان و زێوێ بینیبووم.

بچنەوە شاخ، بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیاریەتییەکان نا، بۆ ئەوەی دیوێکی دیکەی ژیان ببینین، هەر بەڕاستی چوونەوە شاخ بینینی مرۆڤ تۆخ دەکاتەوە، مرۆڤ لەگەڵ سرووشت تێکەڵدەکاتەوە، چاو بە رەنگەکان ئاشنا دەکاتەوە و لەوەش گرنگتر شاخەوانی شوێنێک لە جەستەی مرۆڤدا ناهێڵێتەوە نەجوڵێت.

ئەوکاتەی کورد فێری ژیانی ئیسراحەت و بەر سپلیت نەبووبوو، ئەوکاتەی برنجە چینی و تایلەندییەکان ورگی هەموومانی هێندەی تاسەی شەقامەکان دەرنەپۆقاندبوو، ئەوکات ئاشنایەتی لەگەڵ چیادا ئاشنایەتییەکی مەزن بوو، ئیدی کەس بەدەست شەکرە و زەخت و جەڵتەوە نەیدەناڵاند، پێموایە ئەوانەی ئێستاش رێگەی چیاکان دەگرنە بەر و ناوە ناوە بەسەری دەکەنەوە، هێشتا چۆکیان بۆ باڵادەستیی نەخۆشییە سەردەمییەکان دانەداوە. لە گەشتکردن بۆ چیادا مرۆڤ دەکرێ ئەزموونی نوێ تاقیبکاتەوە، ئەزموونی بێدەنگیی سرووشت، پێویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ و بەرجەستەبوونەوەی گیانی هاوکاری، ئاخر ئەوانەی بەتیم دەچنە چیا، ناچارن بەهەمان رۆحییەتەوە مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا بکەن، چەندە خەمی سەلامەتیی خۆیانە، هێندەش خەمی سەلامەتی هاورێ و هاوگەشتەکانیانە.

ئەزموونەکانی شاخەوانی بە ئاسانی نابڕێنەوە، بەڵام من خۆشحاڵ بووم بەهۆی ئەو وەرزینەی تایبەت بە شاخەوانییەوە بەشوێن پێگەی کورد لەو وەرزشە جیهانییەدا بگەڕێم و لەوێدا بە محەمەدی هەوراز و ئەزموونەکانی ئاشنا بم.

هاوڕێم هەژار برنجی چیرۆکێکی نایابی ئەو وەرزشوانە گەورەیەی کوردی بۆ گێڕامەوە، چیرۆکێک مرۆڤ رادەگرێت و هەڵوەستەی لەسەر خۆی پێدەکات.

هەوراز یەکەم کورد بوو گەیشتە سەر لوتکەی ئێڤرێست، ئەو لوتکەیەی لەبەردەمیدا سەدان شاخەوان چۆکیان داداوە و نەیانتوانیوە بگەنە ئەوەی دەیانەوێت.

هەوراز لە هەر میللەتێکی دیکە بووایە لەوە زۆر مەزنتر باسدەکرا کە ئێستا ئێمەی باسی دەکەین، ئەو خاوەنی فەلسەفەیەکی تایبەت بەخۆی بوو لە شاخەوانیدا، فەلسەفەیەک کە گەیشتنە ئەوپەڕی بوو بەرامبەر بە سرووشت و تێگەیشتن لە راستیی ژیان وەک ئەوەی سرووشت خۆی دەیەوێ پێشانمان بدات.

هەژار گوتی: هەموو جارێک مەمەد پێی دەگوتم، شاخەوانی ئەو وەرزشەیە چاوەڕێ ناکەیت لە کاتی سەرکەوتندا کەس چەپڵەت بۆ لێبدات، خۆتی و خۆت بە تەنیا، سەرکێشییەک دواتر خەڵک بەدیارییەوە سەرسام دەبن بەبێدەنگی..

## بەهۆی ئەوەی بەندێکی ترسناک لە گرێبەستی نێوانیاندا هەیە..

# مێسی و بارسا بە لەحیم پێکەوە لکێنراون



**رووداوی وەرزشی ـ BARCA4EVER**

رۆژنامەیەکی کەتالۆنی، دەڵێت «بەهۆی گرێبەستی نێوانیان، هەرگیز مێسی و بارسێلۆنا لێک جیانابنەوە، وەک ئەوە وایە ئەو دووانە بە لەحیم پێکەو لکێنرابن».

رۆژنامەی سپۆرتی کەتالۆنی بەندێکی ترسناکی لە گرێبەستی لیۆنێل مێسی لەگەڵ یانەی بارسێلۆنا ئاشکراکرد، کە ساڵی 2014 بۆ ماوەی 4 ساڵ لەنێوانیاندا مۆرکراوە. وەک ئەو رۆژنامەیە باسیدەکات لە گرێبەستەکەدا مەرجێک هەیە بارسا ناچار دەکات قەرەبووی بریکارەکانی بکاتەوە، ئەگەر یانەکە پێش حوزەیرانی 2016 ناچار بوو مێسی بفرۆشێت. بڕی قەرەبووەکەش 19 ملیۆن و 941 هەزار یۆرۆیە.

بەڵام ئەگەر بارسێلۆنا بڕیاریدا ساڵی 2017 مێسی بفرۆشێت، دەبێت بڕی 9.97 ملیۆن یۆرۆ وەک مەرجی سزایی بداتە مێسی. رۆژنامەکە هەروەها نووسیویەتی «ئەگەر مێسی بۆ وەرزی داهاتووش لەگەڵ بارسا بەردەوام بێت، مووچەی ساڵانەی کە 22.8 ملیۆن یۆرۆیە، دەبێتە 39.4 ملیۆن یۆرۆ. بەڵام ئەگەر بڕوات و یانەیەک پێش 30ی حوزەیرانی 2018 گرێبەستی لەگەڵ بکات، دەبێت مەرجی سزایی گرێبەستەکەی مێسی بدات کە 250 ملیۆن یۆرۆیە». بۆیە سپۆرت لەو بارەوە نووسیویەتی «لەبەر ئەم بەندە زەحمەتە بارسا دەستبەرداری مێسی بێت، هەروەها مێسیش ناتوانێت ئەو گرێبەستە چەورو پڕ پارەیە رەتبکاتەوە، کە زۆر زەحمەتە لە یانەیەکی دیکە دەستی بکەوێت». ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆرجار دەزگاکانی راگەیاندن باس لە هەندێک گرێبەستی خەیاڵی دەکەن، گوایە هەندێک لە یانە گەورەکانی ئەوروپا ئامادەن پێشکەشی مێسی بکەن.

پێشبڕکێ



به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

ڕێباز مەحموود لە سلێمانی

بە لێدوانی:

( مێژووی ئەم سەرە، گۆڵ و شەڕە )

## 6 LOTTO چل و شەشەمین پێشبڕکێ

ژمارە (386) سێشەممە 2016/2/2

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ......................................

مۆبایل : ......................................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوە و خەڵات ببەرەوە







RÛDAW

(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات

www.rudaw.net

لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد

e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی

دیزاینەران : هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە

رووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە